## بۆ/ سەرۆكایەتیی پەرلەمانی كوردستان- عێراق
## ب/ راپۆرتێك لەبارەی مافی بەدەست هێنانی زانیاری لە هەرێمی كوردستان- عێراق

لیژنەی كاروباری یاسایی رۆژی 8/ سەرماوەز/ 2711ی كوردی بەرامبەر بە 2011/11/29ی زایینی كۆبوونەوەیەكی گرێ دا بۆ لێكۆڵینەوە لە پرۆژە یاسای (مافی بەدەست هێنانی زانیاری لە هەرێمی كوردستان– عێراق) كە لە لایەن ژمارەی یاساییانەی پەرلەمانتارانەوە پێشكەش كراوە، كە لە پاش یەكەمین خوێندنەوەی لە پەرلەماندا لە دانیشتنی ئاساییانەی ژمارە (21)ی لە 2010/6/19دا رەوانەی لیژنەكەمان كراوە. دوای گفتوگۆ و شەن و كەو كردن، لیژنە بەمانەی دادێن گەیشت:

**ماددەی یەكەم:**

1- دارشتنەوەی پێشەكیی ماددەكە بەم شێوەیەی دادێ:

(مەبەست لەم زاراوانەی دادێن واتاكانی بەرامبەریانە بۆ مەبەستی ئەم یاسایە).

2- لە برگەی (دووەم)دا (ئەنجومەنی نیشتیمانیی كوردستان) بگۆردرێت بە (پەرلەمان) لەبەر ئەوەی لە پەرلەمانەوە بریارێك دەرچووە بە گۆرینی ناوەكە لە (ئەنجومەنی نیشتیمانیی كوردستان)ـەوە بۆ (پەرلەمانی كوردستان).

3- لە برگەی (سێیەم)دا گۆرینی ناوی دەزگاكە لە (دەزگای رووناكی)یـەوە بۆ (ئەنجومەنی زانیاری).

4- لە برگەی (چوارەم)دا (سەرۆكی دەزگای روناكی) بگۆردرێت بە (سەرۆكی ئەنجومەن).

5- (شەشەم): دەستەواژەی (دەستەیەكی مولْكایەتی یان كارگێرییەكی دی) كە لە دوایین دێری برگەكەدا هاتووە بگۆردرێت بۆ (دەستەیەك كە خاوەنیەتی یان بەرێوەی دەبات).

6- برگەكانی (حەوتەم) و (هەشتەم) و (نۆیەم) وەك خۆیان دەمێننەوە.

لیژنە پێشنیار دەكات ماددەی یەكەم بەم شێوەیەی دادێ دابرێژرێتەوە:

(ماددەی یەكەم:

مەبەست لەم زاراوانەی دادێن واتاكانی بەرامبەریانە بۆ مەبەستی ئەم یاسایە:

**یەكەم:** هەرێم: هەرێمی كوردستان– عێراق.

**دووەم:** پەرلەمان: پەرلەمانی هەرێمی کوردستان.

**سێیەم:** ئەنجومەن: ئەنجومەنی زانیاری.

**چوارەم:** سەرۆك: سەرۆکی ئەنجومەن.

**پێنجەم:** زانیاری (ئەپستیم): داتای زارەکی یان نووسراو یان تۆمار یان ئامار یان بەڵگەنامەی نووسراو یان وێنەیی یان تۆمار کراو یان بە ئەلیکترۆنی سێڤ کراوە، یان بە هەر شێوازێکی دی.

**شەشەم:** دەستەی گشتی: هەر وەزارەتێك یان بەڕێوەبەرایەتییەکی گشتی و فەرمانگەکانی سەر بە ئەوان یان دەزگا و لایەنی سەر بە حکومەتی هەرێمی کوردستان و پۆستی پارێزگار و ئەنجومەنی پارێزگاکان و داگاکان یان هەر دەستەیەکی بە دەستوور دامەزرا بێت یان لە سایەی ئەودا یان هەر دەستەیەك کە حکومەتی هەرێمی کوردستان خاوەنیەتی یان بەڕێوەی دەبات یان بودجەی دەداتێ.

**حەوتەم:** دەستەی تایبەت: کۆمپانیاکانی سەر بە کەرتی تایبەت یان هەر دەستەیەك کە کار یان بازرگانی یان پیشەیەك بەڕێوە دەبات و خاوەن کەسایەتییەکی یاساییە.

**هەشتەم:** فەرمانبەر: مەبەست هەر کەسێکە کە لە لایەن دەستەی بەرپرسەوە بۆ کارێکی هەمیشەیی یان کاتی و بۆ بەشە کاتێك یان کاتێکی تەواو بەکار هێندراوە.

**نۆیەم:** بڵاو کردنەوە: واتە زانیاری بۆ ئەندامانی کۆمەڵ بەردەست بێت بە شێوازی گشتیی مومکین و بە هەموو ئامرازەکانی ناسراوی بڵاو کردنەوە.)

**ماددەی دووەم:**

لیژنە پشتگیری لە ماددەکە دەکات بەڵام پێشنیار دەکات بەم شێوەیەی دادێ دابڕێژرێتەوە:

(ماددەی دووەم:

ئامانجی ئەم یاسایە بریتییە لە:

یەکەم: بەهێز کردنی گەلی کوردستان و دەوڵەمەند کردنی بە زانیاری.

دووەم: بەشداری کردن لە چارەسەر کردن و بەرەنگار بوونەوەی دیاردەی گەندەڵی و پشتیوانی کردن لە پرەنسیپی دەستپاکی.

سێیەم: چەسپاندن و پشتیوانی کردن لە میتۆدی دیموکراسی.

چوارەم: دەستەبەر کردنی کەشێکی باشتر بۆ ئازادیی را دەربڕین لە ڕێی دابین کردنی ماف بەدەست هێنانی زانیاری بۆ هاووڵاتی.

پێنجەم: دەستەبەر کردنی ماف بەدەست هێنانی ئەو زانیارییەی لە لای دەستەکانی گشتی و تایبەتدان بۆ تێکڕای خەڵك.)

**ماددەی سێیەم:**

- بڕگەی (یەکەم): لیژنە پێشنیار دەکات ڕەت بکرێتەوە لەبەر ئەوەی لیژنە لەگەڵ ئەوەدایە کە پێکهاتەی دی زیاد نەکرێن و پلەی وەزیفیش لە نوێ نەکرێنەوە، پێویست بە هەڵبژاردنی ئەنجومەنێکی نوێ ناکات لە پەرلەماندا.
- بڕگەی (دووەم): ڕەت کردنەوەی لەبەر ئەو هۆیانەی لە سەرەوەدا هاتوون.
- بڕگەی (سێیەم): لیژنە پێشنیار دەکات ڕەت بکرێتەوە، چونکە لیژنە پێشنیاری کردووە وەزیری رۆشنبیری ببێتە سەرۆکی ئەنجومەن و بەڕێوەبەرانی گشتی لە هەندێك وەزارەتیشدا تێیدا ببنە ئەندام.
- بڕگەی (چوارەم): پێشنیار دەکەین راپۆرتێك پێشکەش بە پەرلەمان بکرێت و بڕگەکەش دوای گۆڕینی ریزبەندی بڕگەکان دابڕێژرێتەوە.
- بڕگەی (پێنجەم): ڕەت بکرێتەوە و، پێویست بە دیاری کردنی مەرجەکانی ئەندام بوون ناکات.

پێشنیار دەکات ماددەکە بەم شێوەیەی دادێ دابڕێژرێتەوە:

**بەشی دووەم:**

**ئەنجومەن و شێوازی پێکهێنان و دەسەڵاتەکانی**

**ماددەی سێیەم:**

یەکەم: ئەنجومەن لە پێنج ئەندام بەم شێوەیەی دادێ پێك دێت:

1. وەزیری رۆشنبیری/ سەرۆك.
2. بەڕێوەبەری وەزارەتی داد/ جێگر.
3. بەڕێوەبەری گشتیی ئامار لە هەرێمدا/ ئەندام.
4. بەڕێوەبەری فەرمانگەی تەکنەلۆژیای زانیاری/ ئەندام.
5. بەڕێوەبەری فەرمانگەی راگەیاندن لە وەزارەتی رۆشنبیری/ ئەندام.

دووەم: ئەنجومەن بە لای کەمەوە مانگی جارێك کۆ دەبێتەوە و لە کاتی پێویستیشدا دەکرێ بۆ کۆبوونەوە بانگهێشت بکرێت.

سێیەم: ئەنجومەن هەر شەش مانگ جارێك راپۆرتێك پێشکەش بە پەرلەمان دەکات.

**ماددەی چوارەم:**

- پێشنیار دەکەین ریزبەندی بڕگەکان بە نووسین (یەکەم، دووەم.....) لە بری (1، 2، 3....) دووبارە بکرێنەوە.
- بڕگەی (أ) لە بنەچەی پرۆژەکە: لیژنە پێشنیار دەکات ئەو بڕگەیە ڕەت بکرێتەوە چونکە پەیوەست بوون بە یاسا بنەچەیە و پێویست بە هەبوونی دەقێك ناکات بۆ دووپات کردنەوەی جێبەجێ کردنی یاسا و ریزبەندی ماددەکانیش بە گوێرەی ئەوە بگۆڕدرێن.

- برگەی (ب): هیچ تێبینییەکی لە سەر نییە.
- برگەی (ج): لیژنە پێشنیار دەکات پەیڤی (فەرمییەکان) کە لە پاش (فەرمانبەران)دا هاتووە لا بدرێت و دەستەواژەی (لە پاراستنی ئەم یاسایە) بگۆڕدرێت بە (سەبارەت بە مافی بینین) و بڕگەکەش بەم شێوەیەی دادێ دابڕێژرێتەوە:

(بەشداری کردن لە مەشق پێ کردنی فەرمانبەراندا سەبارەت بە مافی بینین و کارایی پیادە کردنی ئەم یاسایە).

- برگەی (د): لیژنە پێشنیار دەکات دەستەواژەی (پەیوەندیدار) بگۆڕدرێت بە (تایبەتمەند) و برگەی (پێشینەی تۆمەتبارانی تێدایە) بگۆڕدرێت بە (بەڵگەکانی تاوانبار کردنی سەرپێچیکاران) و بڕگەکەش بەم شێوەی دادێ دابڕێژرێتەوە:

(رێ پیشاندان بە دەسەڵاتی تایبەتمەند سەبارەت بەو حاڵەتانەی بەڵگەی تاوانبار کردنی سەرپێچیکارانی تێدا دەردەکەوێت بە گوێرەی ئەم یاسایە).

- برگەی (هـ): پێشنیار دەکەین دەستەواژەی (کە لە سەرپێچییەوە کەوتووەتەوە) بگۆڕدرێت بە (کە لەبارەی سەرپێچیکارانەوە هاتووە) و بڕگەکەش بەم شێوەیەی دادێ دابڕێژرێتەوە:

(وەرگرتنی سکاڵای هاتوو لەبارەی سەرپێچیکارانی ئەم یاسایە و گرتنەبەری رێکاری گونجاو).

- برگەی (و): هیچ تێبینییەکی لە سەر نییە.
- برگەی (ز): پێشنیار دەکەین برگەکە بەم شێوەیەی دادێ دابڕێژرێتەوە:

(رێنمایی کردنی هاووڵاتیان بۆ باشترین شێواز بۆ پیادە کردنی ئەو مافانەی لەم یاسایەدا هاتوون و بڵاوکراوەی پەیوەندیدار لەم بارەیەوە دەربکرێت).

- برگەی (ح): پێشنیار دەکەین رەت بکرێتەوە چونکە پێشکەش کردنی پرۆژە یاسا بە گوێرەی ئەو میکانیزمە دەبێت کە بە دەق لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەماندا هاتووە.
- برگە (ط): هیچ تێبینییەکی لە سەر نییە.
- برگە (ی): پێشنیار دەکەین بەم شێوەیە دادێ دابڕێژرێتەوە:

(دەست تێوەردان بۆ بەدەست هێنانی زانیاری لە حاڵەتی ناتوانایی لە بەدەست هێنانیدا بە گوێرەی ئەم یاسایە لە پاش پەنا بردن بۆ ئەنجومەن، بۆشی هەیە سکاڵا بۆ دادگای تایبەتمەند بەرز بکاتەوە دژ بەو لایەن و کەسانەی ئەم یاسایە پێشێل دەکەن).

پێشنیاریش دەکەین ماددەکە بەم شێوەیەی دادێ دابڕێژرێتەوە:

(ئەنجومەن ئەمەی دادێ دەکات:

**یەکەم:** دەرکردنی راسپاردە بۆ نوێ کردنەوە و پاراستنی بەڵگەنامەکان بۆ ئاسان کردنی گەڕانەوە بۆیان.

**دووەم:** بەشداری کردن لە مەشق پێ کردنی فەرمانبەران لەبارەی مافی ئاگادار بوون و کارایی پیادە کردنی ئەم یاسایە و کاریگەرییەکانی لە کاتی پیادە بووندا.

**سێیەم:** رێ نیشاندان بە دەسەڵاتی تایبەتمەند سەبارەت بەو حاڵەتانەی بەڵگەی تاونبار کردنی سەرپێچیکاران دەردەکەوێت بە گوێرەی ئەم یاسایە.

**چوارەم:** وەرگرتنی سکاڵای هاتوو لەبارەی سەرپێچیکارانی ئەم یاسایە و گرتنەبەری رێکاری گونجاو.

**پێنجەم:** لێکۆڵینەوە لەگەڵ دەستەکاندا لە حاڵەتی هاتنی سکاڵادا.

**شەشەم:** رێ نیشاندان بە هاووڵاتیان بۆ بەهرەمەند بوونیان بەو مافانەی لەم یاسایەدا هاتوون و دەرکردنی بڵاوکراوەی پەیوەندیدار لەو بارەیەوە.

**حەوتەم:** پێشکەش کردنی راپۆرت بۆ ئەنجومەن بۆ گرتنەبەری رێکاری پێویست لەبارەیانەوە.

**هەشتەم:** دەست تێوەردان بۆ بەدەست هێنانی زانیاری لە حاڵەتی ناتوانایی لە بەدەست هێنانیدا بە گوێرەی ئەم یاسایە دوای پەنا بردنە بەر ئەنجومەن، بۆشی هەیە سکاڵا بۆ دادگاکانی تایبەتمەند بنووسێت دژ بەو لایەن و کەسانەی ئەم یاسایە پێشێل دەکەن لە بەردەم دادگاکانی تایبەتمەنددا).

**(بەشی سێیەم– چۆنیەتی گەیشتن بە زانیاری)**

لیژنە پێشنیار دەکات ناوی بەشەکە بگۆڕدرێت بە (چۆنیەتی بەدەست هێنانی زانیاری) لە بری (چۆنیەتی گەیشتن بە زانیاری).

**ماددەی پێنجەم:**

پێشنیار دەکەین پەیڤی (کەس) بگۆڕدرێت بە پەیڤی (هاووڵاتی) و بڕگەکەش بەم شێوەیەی دادێ دابڕێژرێتەوە:

(هەموو هاووڵاتییەك مافی بینین و بەدەست هێنانی ئەو زانیارییەی هەیە کە دەستەکانی گشتی هەیانە و ئەم یاسایە بە دەق باسی کردوون هەروەها وەرگرتنی دانە لەو بەڵگەنامانەی داوایان دەکات).

**ماددەی شەشەم:**

**یەکەم:** پەیڤی (هاووڵاتی) بخرێتە جێی پەیڤی (کەس)ـەو، بڕگەکەش بەم شێوەیەی دادێ دابڕێژرێتەوە:

(یەکەم: هەموو کەسێك مافی هەیە داوایەك پێشکەش بکات بۆ بەدەست هێنانی زانیاری لە دەستەیەکی گشتی یان تایبەت لەگەڵ رەچاو کردنی حوکمەکانی ئەم یاسایە:

أ –تەماشا دەکرێت کە ئاخۆ ئەو بەڵگەنامەیەی زانیاریی داواکراوی تێدایە لە لای دەستە هەیە یان نا.

ب – دەبێ دەستەی گشتی دانەیەك لەو بەڵگەنامەیەی داوا کراوە پێشکەش بە داواکار بکات ئەگەر لە لای هەبوو).

**دووەم:** بڕگەکە بەم شێوەیەی دادێ دابڕێژرێتەوە:

(دووەم: دەبێ هەموو دەسەتەیەکی گشتی هەر شەش مانگ جارێك راپۆرتێك لە هەموو دەزگاکانی راگەیاندندا بڵاو بکاتەوە، تێیدا روونی بکاتەوە:

أ -بودجەکەی و ئەوەی لە کاتی بڵاو کردنەوەکەدا لێی ماوەتەوە.

ب -خەرجی و بۆچی خەرج دەکرێت.

ج- وردەکاریی ئەو پرۆژانەی دەیانکات و ئەوانەی بە نیازە بیانکات.

د- ئەو سزایانە بۆ فەرمانبەرانی سەرپێچیکار دەرچوون و هۆیەکانیان.

ه- ئەو خزمەتگوزارییەی پێشکەشی کردووە و ئەوەی بە نیازە پێشکەشی بکات و بەرواری پێشکەش کردنیان.

و- ئەو سکاڵایانەی پێشکەش کراون و ئەو رێکارانەی لەبارەیانەوە گیراونەتە بەر.

ز- وەسف کردنی پەیکەری دەستەی ناوبراو و ئەرك و کاروباری داراییانەی.

ح- وەسفێکی دەسەڵاتەکانی بەرپرسانی دەستە و ئەرکەکانی و ئەو رێکارانەی لە دوای دەرکردنی بڕیارەکانی کردوونی.

**سێیەم:** پێشەکی بڕگەکە بەم شێوەیەی دادێ دابڕێژرێتەوە:

(وەزارەتەکان راپۆرتی نادەوری بڵاو دەکەنەوە، ئەمەی دادێی تێدا روون دەکەنەوە:).

-بڕگەکانی (أ و ب و چوارەم) وەك خۆیان دەمێننەوە.

بەڵگەنامەکان

**ماددەی حەوتەم:**

1 -پێشنیار دەکەین ریزبەندی بڕگەکان بە نووسین (یەکەم، دووەم.....) لە بری (1، 2،....) بنووسرێنەوە.

2 -ماددەکەش بەم شێوەیەی دادێ دابڕێژرێتەوە:

(ماددەی حەوتەم:

بۆ مەبەستەکانی ئەم یاسایە:

یەکەم: بەڵگەنامەکە هەموو زانیاریی تۆمار کراو لەخۆ دەگرێت، بە چاو پۆشین لە شێوەی یان چاوگی یان رۆژی نووسینەوەی یان باری یاساییانەی، جا چ لە لایەن دەستەی گشتی یان تایبەتەوە کە پاراستوویەتی نووسرا بێت، یان ئەوەی نهێنی بێت یان نا.

دووەم: دەستەی گشتی یان تایبەت بەڵگەنامە دەپارێزێت ئەگەر:

أ -بە شێوەیەکی کەسانە لە بری کەسێکی دی پاراستبێتی.

ب -یان کەسێك لە بری ئەو بەڵگەنامەکەی پاراستووە).

داوا کردنی زانیاری

**ماددەی هەشتەم:**

1 -پێشنیار دەکەین ریزبەندی بڕگەکان بە نووسین (یەکەم، دووەم...) لە بری (1، 2، 3...) بنووسرێتەوە.

2 بڕگەی (دووەم): پێشنیار دەکەین بڕگەکە بەم شێوەیەی دادێ دابڕێژرێتەوە:

(دووەم: دەستەی گشتی یان تایبەت بۆی هەیە نموونەی داواکاری بخاتە بەر دەست بە مەرجێك ئەو نموونانە ماوەی داواکاری دوا نەخات یان ببنە بار بە سەر شانی داواکارانەوە).

3 بڕگەی (سێیەم): پێشنیار دەکەین بڕگەکە بەم شێوەیەی دادێ دابڕێژرێتەوە:

(سێیەم: داواکاریی زانیاری بە نووسین دەبێت و پێشکەش بە فەرمانبەری دەستەی گشتی یان تایبەت دەکرێت، داواکەش وردترین وردەکاریی تێدا بێت، کە بە ئەرکێکی کەم بزاندرێت کە ئاخۆ دەستە بەڵگەنامەیەکی لە لایە کە زانیایی داوا کراوی تێدایە.

ماددەکەش بەم شێوەی دادێ دابڕێژرێتەوە:

(ماددەی هەشتەم:

**یەکەم:** دەبێ هەموو دەستەیەکی گشتی و تایبەت فەرمانبەرێکی تایبەتمەند دیاری بکات بۆ وەرگرتنی داوای زانیاری.

**دووەم:** دەبێ دەستەی گشتی یان تایبەت نموونەیەکی داواکاری بخاتە بەر دەست بە مەرجێك ئەو نموونانە ماوەی داواکاری دوا نەخەن یان ببنە بار بە سەر داواکارانەوە.

**سێیەم:** داواکاریی زانیاری بە نووسین دەبێت و پێشکەش بە فەرمانبەری دەستەی گشتی یان تایبەت دەکرێت، داواکاری وردترین وردەکاریی تێدا دەبێت کە بە ئەرکێکی کەم دەزاندرێت کە ئاخۆ دەستە بەڵگەنامەیەکی لە لایە کە زانیاریی داوا کراوی تێدایە.

**چوارەم:** کەسێك نەتوانێ داواکارییەکی نووسراو پێشکەش بکات بۆ بەدەست هێنانی زانیاری ئەگەر نووسین و خوێندنەوە نەزانێت یان بە جەستە ناتوانایە، ئەوا دەتوانێت بە زارەکی داواکاری پێشکەش بکات و فەرمانبەرەکەش دەینووسێت، کە ناوی داواکار و ناوی فەرمانبەرەکە و ئەرکی لە دەستەدا دەگرێتە خۆ و دانەیەکی داواکارییەکەش دەدرێتە خاوەنەکەی.

**پێنجەم:** دەبێ دەستەی گشتی یان تایبەت کە داواکارییەکی زانیاریی پێ دەگات ئەو داوایە تۆمار بکات و بەڵگەداری بکات لە حاڵەتی قبووڵ کردن و ڕەت کردنەوەدا و تۆمار نەکردنیش بە ڕەت کردنەوەیەکی نایاساییانەی داواکارییەکە دادەندرێت.

**شەشەم:** دەبێ دەستەی گشتی یان تایبەت لە نزیکترین کاتی مومکیندا وەڵامی داواکاریی زانیاری بداتەوە و لە ماوەی حەوت ڕۆژدا لە بەرواری وەرگرتنی داواکارییەکە و بۆشی هەیە داوای درێژ کردنەوەی ماوەکە بکات کە لە هەموو حاڵەتێکدا لە دە ڕۆژ تێپەڕ نەکات.

**حەوتەم:** لە حاڵەتی پێشکەش کردنی داواکارییەك کە زانیاریی پێویستی تێدایە بۆ پاراستنی ژیان یان ئازادیی کەسێکەوە، دەبێ دەستە لە ماوەی 24 سەعاتی دواتردا وەڵام بداتەوە).

وەڵام دانەوەی داوکارییەکان

**ماددەی نۆیەم:**

1 بڕگەی (یەکەم): گۆڕینی دەستەواژەی (وەڵام دانەوەی داواکاری) بە (ڕەت کردنەوەی داواکاری) و، دەستەواژەی (لە ڕێی پێ ڕاگەیاندنەوە)ش لا بدرێت.

- بڕگەی (ب) لە (یەکەم) ڕەت بکرێتەوە.
- بڕەگەی (د) لە (یەکەم) ڕەت بکرێتەوە.

2 بڕگەی (دووەم): پێشنیار دەکەین بڕگەکانی (أ، ب، ج) ڕەت بکرێنەوە و ئەمەی دادێ جێیان بگرێتەوە:

(دووەم: لە حاڵەتی قبووڵ کردنی داواکاریدا دەبێ دەستە بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ زانیاری بدات).

- ماددەکەش بەم شێوەیەی دادێ دابڕێژرێتەوە:

(یەکەم: لە حاڵەتی ڕەت کردنەوەی داواکاریدا، دەبێ ڕەت کردنەوەی داواکاریی زانیاری بە نووسین بێت و ئەمانەش بگرێتە خۆ:

أ - ئەو ڕەسمەی سەپاوە لە حاڵەتی هەبوونیدا بە سەر هەر بڕگەیەك لە بڕگەکانی داواکارییەکەدا، ئەگەر هەبوو، بەو شێوازانەی کە زانیاریی بەردەستیان تێدایە.

ب - لە حاڵەتی ڕەت کردنەوەی داواکاری بە تەواوی یان بەشێکی، دەبێ دەستە هۆیەکانی ڕەت کردنەوە ڕوون بکاتەوە و بڕیاری ڕەت کردنەوەکەش قابیلی تانە لێدان دەبێت لە بەردەمی دەزگادا.

دووەم: لە حاڵەتی قبووڵ کردنی داواکەدا، دەبێ دەستە ڕاستەوخۆ زانیاری بدات).

هۆیەکانی ناردنی زانیاری

**ماددەی دەیەم:**

1 پێشنیار دەکەین ناونیشانی بابەتەکە لە (هۆیەکانی پێ ڕاگەیاندنی زانیاری)یەوە بگۆڕدرێت بە (ئامرازەکانی ناردنی زانیاری) چونکە ماددەکە ئامرازەکانی پێ ڕاگەیاندن دەگرێتە خۆ نەك هۆیەکانی پێ ڕاگەیاندن.

2 پێشنیار دەکەین دووبارە ڕیزبەندی بڕگەکان بە نووسین (یەکەم، دووەم، سێیەم...) لە بری (1، 2، 3...) بنووسرێتەوە.

3 دووبارە داڕشتنەوەی ماددەکە بەم شێوەیەی دادێ:

(ماددەی دەیەم:

**یەکەم:** کاتێك داواکاری نیشانە بە پەسند کردنێك دەدات سەبارەت بە شێوازی ناردنی زانیاری، دەبێ ئەو دەستەی گشتی یان تایبەتەی کە زانیاری بە دەستەوە دەدات، بە گوێرەی ئەو پەسند کردنە بیدات.

**دووەم:** دەبێ دەستە، چ گشتی بێت یان تایبەت بەدەم ئەم داواکارییانەی دادێنەوە بێت لە کاتی خواستنیاندا:

أ - دانەیەکی ڕەسەن لە بەڵگەنامەکە بەو وێنەیەی پشتی پێ بەستراوە یان هی دیکە.

ب - مافی دیتنی بەڵگەنامە لە کاتی پێویستدا بە بەکار هێنانی ئەو ئامرازانەی وا باوە دەستە هەیەتی.

ج- مافی کۆپی کردنی بەڵگەنامەکە بە بەکار هێنانی ئامێرێك کە کەسەکە خاوەنیەتی.

د- دانەیەکی کتومت لە ناوەڕۆکی بەڵگەنامەکە، چاپ بێت یان تۆمار کراو، بیندراو بێت یان بیستراو، ئەگەر نەتواندرا بە بەکار هێنانی ئامێری بەر دەستی دەستە ئەو دانەیەی ئامادە بکرێت.

هـ- دانەیەکی کتومت پوختە بێت یان بە پۆلێنێکی دی بۆ شێوازی بەڵگەنامەکە.

**سێیەم:** دەستەی گشتی یان تایبەت بۆی هەیە داوا کردنی زانیاری ڕەت بکاتەوە بەو جۆرەی لە لایەن خاوەنی داواکارییەوە داوا کراوە کاتێك:

أ- کەسەکە بە شێوەیەکی زێدەڕۆییانە بە پێچەوانەی حوکمەکانی ئەم یاسایە دەست لە پرۆسەی کارایی وەردەدات.

ب- یان دەبێتە مایەی زیان گەیاندن بە بەڵگەنامەکە.

**چوارەم:** لە حاڵەتی هەبوونی بەڵگەنامەیەك بە چەند زمانێك، زانیارییەکە بە یەکێك لەو زمانانە دەدرێت، بە پێی ئەو زمانەی کە خاوەنی داوایەکە پەسندی دەکات).

بوونی بەڵگەناکە لە لای دەستەی دیکەدا

**ماددەی یازدەم:**

1 - پێشنیار دەکەین دووباره ریزبەندی بڕگەکان بە نووسین (یەکەم، دووەم، سێیەم...) لە بری (1، 2، 3...) بنووسرێتەوە.

2 - ماددەکە بەم شێوەیەی دادێ دابڕێژرێتەوە:

(ماددەی یازدەم:

**یەکەم:** ئەگەر داواکارییەك بۆ داوا کردنی زانیاری گەیشتە دەستی فەرمانبەری بەرپرس و گومانی کرد لەوەی لەگەڵ هەر بەڵگەنامەیەکی پارێزراو لە لای دەستەی گشتیدا جووت بێت، بۆی هەیە لەم حاڵەتەدا داواکارییەکە بۆ فەرمانبەرەکە بگێڕێتەوە، بۆ ئەوەی لەگەڵ حوکمەکانی ئەم یاسایەدا بیگونجێنێت.

**دووەم:** کاتێك فەرمانبەر داواکارییەکە وەردەگرێت، لە سەریەتی لەوە دڵنیا بێت کە ئاخۆ دەستەی گشتی ئەو بەڵگەنامەیەی هەیە کە داوا کراوە یان نا، ئەگەر لە لای نەبوو بەڵکوو لە لای دەستەیەکی دیکەی گشتیدا بوو، فەرمانبەر پەنا دەباتە بەر:

أ- یان ئەو داواکارییە ڕەوانە دەکاتە لای ئەو دەستەی گشتییە و بە ئاگاداریی خاوەنی بەڵگەنامەکە بەوەی ڕەوانەی کردووە.

ب- یان ئەوەتا ڕێ پیشانی خاوەن داواکارییەکە دەدات بۆ لای ئەو دەستەی گشتییەی ئەو بەڵگەنامەیەی پاراستووە.

له رێی هەردوو حاڵەتەکەوە خاوەنی داواکاری بە شێوازێکی زووتر گەیشتن بە زانیاری مسۆگەر دەکات.

**سێیەم:** کاتێك داواکاریی بەدەست هێنانی زانیاری رەوانە دەکرێت، ماوەی وەڵام دانەوە لە بەرواری رەوانە کردنەوە دەست پێ دەکات.

**چوارەم:** دەبێ ئەو دەستە تایبەتەی داواکاریی زانیاری وەردەگرێت خاوەنی داواکاری لەوە ئاگادار بکاتەوە).

## پاراستنی بەڵگەنامە

**ماددەی دوازدەم:**

لیژنە پێشنیار دەکات ماددەکە بەم شێوەیەی دادێ دابرێژرێتەوە:

(دەبێ هەموو دەستەیەکی گشتی ئەو بەڵگەنامەی لە لایەتی بپارێزێت بە شێوازێك کە بە ئاسانی بە گوێرەی حوکمەکانی ئەم یاسایە ببیندرێن).

مەشق پێ کردنی فەرمانبەران

**ماددەی سێزدەم:**

لیژنە پێشنیار دەکات ماددەکە بم شێوەیەی دادێ دابرێژرێتەوە:

(دەبێ هەموو دەستەیەکی گشتی مەشق پێ کردنی گونجاو بۆ فەرمانبەرانی ئەوەی پەیوەندیی بە ماف بینینەوە هەیە، مسۆگەر بکات).

## پێشکەش کردنی راپۆرت بۆ ئەنجومەن

**ماددەی چواردەم:**

1. دەستەواژەی (لە پای چالاکییەکانیدا بە گوێرەی حوکمەکانی ئەم یاسایە) بخرێتە سەر پەیڤی (چەند مانگ) و دەستەواژەی (بە مەرجێك راپۆرتەکە ئەوە بگرێتە خۆ لەبارەی) بخرێتە سەر کۆتایی دێرەکەوە.
2. برگەی (أ): رستەی پاش (فەرمانبەر) تا کۆتایی دێرەکە لا بدرێت و دەستەواژەی (ئەوەی بە تەواوی یان بەشەکی پێی رازی بوون و ئەوەی رەت کراوەتەوە).
3. برگەی (ب): پێشنیار دەکەین بەم شێوەیەی دادێ دابرێژرێتەوە:
(ژمارەی ئەو داواکارییانەی بە گوێرەی حوکمەکانی ئەم یاسایە بە تەواوی یان بەشەکی رەت کراونەتەوە).
4. برگەی (ج): پێشنیار دەکەین بەم شێوەیەی دادێ دابرێژرێتەوە:
(بەرهەڵستی بە هۆی رەت کردنەوەی پێدانی زانیاری).
5. برگەی (د): پێشنیار دەکەین بەم شێوەیەی دادێ دابرێژرێتەوە:
(ئەو رەسمەی داندراوە لە کاتی داوا کردنی زانیاریدا).
6. برگەی (ه): لیژنە پشتگیری لەم برگەیە دەکات لەگەڵ لادانی پەیڤی (ژمارە) لە سەرەتای برگەکەدا.

7 بڕگەی (و): لیژنە پشتگیری لەم بڕگەیە دەکات لەگەڵ لادانی پەیڤی (ژمارە) بەر لە پەیڤی (خولەکان).
ماددەکەش بەم شێوەیەی دادێ دابڕێژرێتەوە:
(ماددەی چواردەم:
دەبێ دەستەکانی گشتی هەر چوار مانگ جارێك راپۆرتێك لەبارەی چالاکیی خۆیان بە گوێرەی حوکمەکانی ئەم یاسایە بۆ ئەنجومەن بەرز بکەنەوە، بە مەرجێك راپۆرتەکان ئەمانە بگرنە خۆ:
أ- ژمارەی ئەو داواکارییانەی فەرمانبەر بە تەواوی یان بەشەکی پێیان رازی بووە و ئەوانەی رەتیش کراونەتەوە.
ب- ژمارەی ئەو داواکارییانەی بە گوێرەی حوکمەکانی ئەم یاسایە بە تەواوی یان بەشەکی رەت کراونەتەوە.
ج- بەرهەڵستی بە هۆی رەت کردنەوەی پێدانی زانیاری.
د- ئەو رەسمەی لە کاتی داوا کردنی زانیاریدا سەپێندراوە.
هـ- ئەو راپۆرتانەی بە گوێرەی بڕگەی دووەم و سێیەم و چوارەم لە ماددەی شەشەمی ئەم یاسایە بڵاو کراونەتەوە.
و- ئەو رێکار و خولانەی دەزگای ناوبراو بۆ مەشق پێ کردنی فەرمانبەرانی بە گوێرەی ئەم یاسایە گرتووینەتە بەر و کردوونیەتەوە).

**هەڵوارین (جیاکردنەوە)**

**ماددەی پازدەم:**

1 بەندەکانی (ز، ح، **ط**) لە بڕگەی (دووەم)ی ئەم ماددەیە رەت دەکرێنەوە و بە گوێرەی ئەوە ریزبەند دەگۆڕدرێت.
2 پێشنیار دەکەین ماددەکە بەم شێوەیەی دادێ دابڕێژرێتەوە:
(ماددەی پازدەم:
**یەکەم:** نابێ دەستەی گشتی یان تایبەت پێدانی زانیاری رەت بکاتەوە بۆ پاراستنی بەرژەوەندییەك لە ئاشکرا بوون، کە سەرووی بەرژەوەندیی گشتییەوە بێت.
**دووەم:** دەستەی گشتی یان تایبەت مافی هەیە پێدانی زانیاری و کۆپی کردنی بەڵگەنامە رەت بکاتەوە لە حاڵەتێکدا ئەم زانیاریانە ببنە مایەی:
أ- زیان بە بەرگریی نیشتیمانی و ئاسایشی هەرێم بگەیەنێت.
ب- کاریگەریی نەرێنیی هەبێت بە سەر دانوستانێکدا کە هەرێم لەگەڵ هەر لایەنێکی دیکەدا دەیکات.
ت- ئاشکرا کردنی عەتاکان (العطاءات) و توێژینەوەی زانستی یان تەکنیکی کە ئاشکرا کردنیان دەبێتە مایەی پێشێل کردنی مافی دانەر و مافی موڵکایەتیی هزری یان بە کێبڕکێی رەوا یان ئەوەی دەبێتە مایەی قازانج یان زیانی ناڕەوا بۆ هەر کەس یان پرۆژەیەك.

پ  ئاشكرا كردنی تۆماری كەس لە بواری فێركاری یان پزیشكی یان فەرمانبەرایەتی یان حیساب و حەواڵەی بانكی یان نهێنیی پیشەكەی.

ج  بەرپا كردنی مەترسی بۆ سەر ژیانی هەر كەسێك یان تەندروستی یان سەلامەتیی ئەو.

م- كاریگەریی نەرێنی بە سەر پەیوەندیی هەرێم لەگەڵ دەوڵەتان یان هەرێمەكان یان رێكخراوەكان.

## بەشی چوارەم

## حوكمی گشتی

### رەسم

**ماددەی شازدەم:**

لیژنە پێشنیار دەكات:

1  دیاری كردنی بڕی ئەو رەسمەی دەبێ لە كاتی داوا كردنی زانیاریدا بدرێت، چونكە بە پێی دەستوور رەسم ناسەپێندرێت و هەمواریش ناكرێت تەنیا بە یاسا نەبێت.

2  پشتگیری لە ناوەڕۆكی بڕگەی (2) دەكەین و پێشنیار دەكەین دووبارە دابڕێژرێتەوە.

3  پشتگیری لە رەت كردنەوەی ئەم بڕگەیە دەكەین، چونكە وەزیری دارایی دەسەڵاتی دەركردنی رێنمایی هەیە و پێویست بەم بڕگەیە ناكات. بەم شێوەیەی دادێش دووبارە دابڕێژرێتەوە:

(ماددەی شازدەم:

**یەكەم:** دەبێ خاوەنی داواكاری بڕی (2000) دوو هەزار دیناری عیراق رەسم بدات، سەرباری خەرجیی گەڕان بە مەرجێك ئەو خەرجییە بەهای كرداریانەی پرۆسەی گەڕان بە دوای زانیاری و ئامادە كردن و پێ راگەیاندنی تێپەڕ نەكات.

**دووەم:** ئەم رەسمە وەرناگیرێت كاتێك داواكاری پەیوەندیی بە زانیاریی كەس یان بەرژەوەندیی گشتییەوە هەبوو).

### كرێ و خەرجی

**ماددەی حەڤدەم:**

لیژنە پێشنیار دەكات ئەم ماددەیە رەت بكرێتەوە لەبەر ئەوەی پێویست نییە، چونكە سەرۆك و ئەندامانی ئەنجومەن فەرمانبەری دەوڵەتن.

بەرپرسایەتیی سزایانە و مەدەنی

پێشنیار دەكەین ناونیشانی ماددەی (هەژدەم) لە (بەرپرسایەتیی سزایانە و مەدەنیی سزاكان)ـەوە بگۆڕدرێت بە (بەرپرسایەتیی سزایانە و مەدەنی).

**ماددەی هەژدەم:**

پێشنیار دەكەین:

- بڕگەی (یەکەم): سزای بەند کردنەکە بکرێتە (یەک مانگ) لە بری (سیٚ مانگ) و (یەك ساڵ) لە بری (دوو ساڵ).
- بڕگەی (أ) لە (یەکەم): لیژنە پێشنیار دەکات بڕگەکە ڕەت بکرێتەوە.
- بڕگەی (ب) لە (یەکەم): لیژنە پێشنیار دەکات دووبارە بەم شێوەیەی دادیٚ دابڕێژرێتەوە:

(ب- ئامادە نەبوو بەڵگەنامە بدات، یان ڕێی لە دیتنی زانیاری گرت بە پێچەوانەی حوکمەکانی ئەم یاسایە.

- بڕگە (ج) لە (یەکەم): هیچ تێبینییەکی لە سەر نییە.
- بڕگەی (د) لە (یەکەم): هیچ تێبنییەکی لە سەر نییە. بەم جۆرەی دادێش دابڕێژرێتەوە:

(ماددەی هەژدەم:

یەکەم: سزای بەند کردن دەدرێت بە ماوەیەك کە لە (یەك مانگ) کەمتر و لە (یەك ساڵ) زیاتر نەبێت، هەروەها بە غەرامەیەك کە لە (سەد و پەنجا هەزار دینار) کەمتر و لە (سیٚ ملیۆن دینار) زیاتر نەبێت یان بە یەکێك لەم دوو سزایە، هەر کەسێك کە:

أ -ئامادە نەبوو بەڵگەنامە بدات یان ڕێی لە دیتنی زانیاری گرت بە پێچەوانەی حوکمەکانی ئەم یاسایە.

ب ئاستەنگ کردنی کارەکانی ئەنجومەن.

ج - لە دەرەوەی دەسەڵاتی خۆی بەڵگەنامەی فەوتاند.

## بەشی پێنجەم

## حوکمەکانی کۆتایی

**ماددەی نۆزدەم:**

لیژنە پێشنیار دەکات ئەم ماددەیە ڕەت بکرێتەوە و ڕیزبەندی ماددەکانیش بە گوێرەی ئەوە دەگۆڕدرێن.

ماددەی بیستەم: هیچ تێبنییەکی لە سەر نییە.

ماددەی بیست و یەکەم: هیچ تێبنییەکی لە سەر نییە.

ماددەی بست و دووەم: پێشنیار دەکەین پەیڤی (دەرچوونی) بە (دەرچوواندنی) بگۆڕدرێت و بەم شێوەیەی دادێش دابڕێژرێتەوە:

(ئەوم یاسایە دوای (90) ڕۆژ لە بەرواری دەرچوواندنییەوە کاری پیٚ دەکرێت).

**هۆی دەرچوونی**

له پێناو رێکخستنی پرۆسەی پێشکەش کردنی زانیاریی راستەقینه و چەسپاندنی بنەمای دەستپاکی و مافی هاووڵاتی له بەدەست هێنانی زانیاری، ئەم یاسایه دەرچوو.

**لەگەڵ رێزدا...**

| | | |
|---|---|---|
| **د.رۆژان عبدالقادر دزەیی**<br>**بڕیاردەری لیژنه** | **حاکم/عەونی بزاز**<br>**جێگری سەرۆکی لیژنه** | **شیروان ناصح عبدالله الحیدری**<br>**سەرۆکی لیژنه** |

| | | | |
|---|---|---|---|
| **عمر عبدالرحمن علی**<br>**ئەندام** | **عمر نورەدینی**<br>**ئەندام** | **گۆران ئازاد محمد**<br>**ئەندام** | **د. احمد ابراهیم وەرتی**<br>**ئەندام** |
| **کاردۆ محمد پیرداود**<br>**ئەندام** | **برهان رشید حسن**<br>**ئەندام** | **عبدالله محمدأمین**<br>**ئەندام** | **ئارام قـــادر**<br>**ئەندام** |